# هاوارو و هەڵوێستی کۆمەڵێك خوێنکار لە زانکۆی سلێمانی سەبارەت بە هەلبژردن وپرسی گەلەکەمان

- دەنگ دان بە لیستی هاوبەش لە عیراق و لە کوردستاندا تاوانێکی مێژووی و ئەخلاقی یە.

- نا بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراق نا بۆ لیستی هاوبەش بەڵێ بۆ دادگایکردنی سەرانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردسان .

- با بەشداری کاریگەر بکەین لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا کۆتای بهێنین بە تاوانکاری و گەندەڵی خیانەتی سیازەساڵ پێویستە وەڵامی گونجاوی ئەو پشت گوێخستن و بێرێز سەیرکردنەیان بدەینەوە بەکردەوە گۆرانکاری گەورە دروست بکەین.

- بۆ ئەوەی خوێنی قوربانیکانی شەری ناوخۆو داهاتە دزراوەکانی کوردستان بە فیرۆ نەرواتدەنگ مەدەن بە لیستی هاوبەش و با لە هەوڵی دادگایکردنیاندا بین .

- دەنگ دان بەلیستی هاوبەش رێگەدانە بە دووبارەبوونەوەی گەندەڵی و نەهامەتی گەلەکەمان لەداهاتوودا.

- دەنگ نەدان بە لیستی هاوبەش پێویستیەکی مێژووی ونیشتمانیە.

-بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی گەش و دوور لە دزی وگەندەڵی و شەری ناوخۆ دەنگ مەدە بە لیستی هاوبەش.

-مەسۆولەکانی ئەم دوو حیزبە کەسانی دڵسۆزو ڕاستگۆ نین بەرامبەر بە میللەت و لێهاتوو گونجاو شارەزانیندەنگیان پێمەدە.

قوتابیان ,خوێندکاران گەنجان رێکخراو ودەزگاکانی مافی مرۆڤ حکومی و ناحکومیەکان دەزگای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن، هێزەکانی فرە رەگەز:

بەرێزان :

نەخۆشی و گەندەڵی حیزبایەتی سەقەت هەموو بەهاو بوارەکانی ژیانی گەلەکەمانی شێواندووە لە / حکوومەت و سەربەخۆی ومەسەلەی کەرکوك و بەشداریکردن لە ژیاندا و هەڵبژاردن و ژیانی ئازادو ئاسوودەو داهاتووی گەل و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگا ... هەموویان پارچە پارچەو بێ ئەنجام کردوون ،ژیاتی خەڵك تەواو شێواوە لە سایەی دوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان پارتی و یەکێتیەوە کە هاوشێوەو درێژکراوەی حیزبی بەعسن لە سیاسەت و کلتوورو رەفتاریاندا (سە پاندن و توندووتیژی ,گەندەڵی ، تاکرەوی ،ئیغتصاب وئیستغلال و ڕاوەدوونان و ئاوارەکردن,, نەبونی شەفافیەت ، تالانکردن، بەدرەوشتی ، چەواشەکردن و پشتگوێخستن ، سەرەوەری دەسەلاتی پشتاوپشت ــ ژن و کورو کچەکانیشیان ئوتوماتیکی بونەتە مەسۆول و، دەیانەوێ خەڵك بەموقەدەسیو سەرەوەریەوە سەردانی قەبری باوك و خەزوریان بکەن ).

لەژێر دروشمی (کوردستان یان نەمان و کەرکوك دڵ و قودسی کوردستانە ) چەندین ساڵ تواناکانی گەلیان فەوتان لە شەرِداو کەچی ئێستا ( کەرکوك شاری پێکەوەژیان و برایەتیە و لە بەغداد چەندین با ڵەخانەیان کرِیوە ) جاشایەتیان بۆ وولاتانی دراوسێ ( عیراق ئێران تورکیا ) کردوو لەبری ئەوان شەریان لە دژ زۆربەی هێزە کوردیەکان کرد

هەروەها هۆکاربوون بۆ دروست بونی کارەساتی هەڵبجە و پرۆسەی ئەنفال بە بەکارهێنانی گوندەکانی کوردستان وەك درعی بەشەریو رێگرتن لەخەڵکەکەی تا خۆیان رِزگار بکەن لە بەردەم شاڵاوی سەربازی بەعسدا ، تا لە ئەنجامدا خۆیان دەربازکردوو و خەڵکە بێدیفاعەکەش ئەنفال کران کە رِزگاربوانی پرۆسەکەش شاهدن کە تا ئێستاش هیچیان بۆ نەکراوە لە خزمەت وتەنها بەکاریندێنن بۆ پارە وەرگرتن لەملاولا کەچەندێن پارە درا بۆ خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەیان بەلام ئەم دوو حیزبە هەمویان خوارد .

چینی فەقیرو هەژارانیان بەکارهێنا بۆ شەرەکانیان وئیستغلالینکردن و کەچی ئێستا ئەوەی باسی ناکەن هەژارانە و خۆشیان وەك صەدام چەندین کۆشك و تەلاریان دروستکردووە بە داهاتی کوردستان .کە تاوانی ئەمان لە صەدام گەورەترە چونکە ئەمان کوردن صەدام بێگانەبوو,( حکومەتێکی کوردیمان بۆچیە وەك رەگەزپەرستێکی عەرەب بمان چەوسێنێتەوە ) صەدام کوردی کوشت ماڵەکانی سوتان داهاتی کوردستان وعیراقی دزی ئەمانیش هەروەك ئەو کوردیان کوشتووە سامانی کوردستانیان تالان کردووە .....

ماوەی سیانزە ساڵە بە بیانوی ( حکومەتی هەرێم ساوایە ، بوونی خەتەری صەدام )و ئێستاش بەبیانوی ( بارودۆخەکە ناسکەو دووژمنمان زۆرە لە شوفینستی عەرەب و وولاتانی دراوسێ ) بەردەوام سیاسەتی چەواشەکردن و پشتگوێخستن وهەڵخەڵەتاندن و بەشداری پێ نەکردنی جەماوەر پەیرەو دەکەن بە ووشەو درووشمی بریقەداری بێ ناوەرۆك .بەردەوام بەرژەوەندیو داخوازیو رِای جەماوەر فەرامۆش دەکەن و بە بێنرخی سەیری دەکەن و تەنها لاشەو قوربانیو گوێرایەڵیان لە جەماوەر دەوێت ئێستاش دەنگدان وچە پلەلێدانیان دەوێت.

بەمەبەستی ئەوەی تەواو میللەت یخەسێنن .چەندین روناکبیر و رۆژنامەنوسیان ئازارداوەو تەنانەت وایان لێهاتووە بە مجازەفەو ئینتحارەوە هەندێکی کەم لە تاوان وگەندەڵیەکانیان بلاوبکەنەوە لەترسی دەزگا سیخوری و تیرۆرەکانیان وەك دەزگای داپلۆسینەرەکانیان ( دەزگای زانیاری

وپاراستن )كە چەندین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیان ئەنجا داوە و ، تەنها بەناو رۆشنبیریان دەوێت كە لەدەوری دەزگاكانیان كۆببنەوەو نوسین و وەصفكاریان بۆ بكات و ئەشهەدوبیلایان بۆ بكات.

بە پاساوی سەروەری و خەباتی ڕابردوویان نامەسۆولانە رەفتارو سەرپێچی لە یاسا دەكەن و دەسەلاتیان سەپاندووە وبەتەواوی دادگایان پەك خستووە ، بێ پرسكردن بە جەماوەر چیان بوێت دەیكەن و دەیبەن چونكە كوردستان بە هەموو تواناكانی ماددیو مرۆیی تەنها بەموڵكی خەباتی خۆیان دەزانن هەر بۆیە مامەلەو سازش بە بەهاكانی گەلەوە دەكەن وبونەتە ملیوندێر لە سەر حساب وخوێن و داهاتی خەڵكی كوردستان ، ئێستاش مشتیان لە داهاتی عێراق خۆشكردووەو دەیانەوێ خەڵك دەنگیان بۆ بدەن نەك بۆ خزمەتكردنی كوردستان بەڵكو بۆئەوەی داهاتی عێراقیش بخەنە خزمەتی خۆیانەوە تالانیكەن.

خەبات و فرسەتەكانی گەلیان فەوتاندوەو پێگەی كوردیان سوك كرد لە ناوەو لە دەرەوەشدا. ئەوەش سەیرە كە خۆیان بە بەرپرس نازانن لەبەرامبەرئەو نەهامەتیەكان كە هێنایان بەسەر گەلەكەماندا و بەڵكو میللەت وجەماوەر بە بەرپرس و خەتابار دەزانن و دەڵێن ئەگەر دادگایەك هەبێت ئێمە بێتاوان دەردەچین!؟

لەبەر سەروەت و سامان و دەسەلات و بەرژەوەندیەكانیان ــ كە لەسەرو بەرژەوەندی گەلەوە سەیری دەكەن ــ و بەبێ هیچ شەرم و سڵمینەوەیەك تواناكانی گەلیان فەوتاندو كوشتیان بە درێژەدان بە ناكۆكی نێوانیان و بە كردنی شەڕی ناوخۆ، كە بێباكانە چەندین قەسابخانەیان تێدا دروستكردو بەلاشیانەوە ئاساییەو وەك خەون و شانۆگەری وایە لەبەرئەوەی قوربانیەكانی شەڕەكانیان خزم و كەسوكاری نزیك خۆیان نەبوون شعاریان ئەوەبوو كە( نابێ شەڕ سەركردایەتیان بگرێتەوە ).

شەڕی دەسەلات وسەپاندنی خودی خۆیان بەخەڵك دەكەن نەك شەری مافەكان وبەرژەوەندیەكانی گەل كە ئێمە بە هەموو جۆرێك نوێنەرایەتیان رەت دەكەینەوە لە عێراق وكوردستانیش چونكە ئەوان ئامادەنین خزمەت بە خەڵك بكەن وئامادەنین دان بە شكستەكانیاندا بنێن بۆیە شەڕو دروستكردنی دوژمنی وەهمی و یەك لیستی بە باشترین هۆكار دەزانن بۆ مەشغولكردنی خەڵك و داپۆشینی گەندەڵیەكانیان و ... كە باسكردنی نەهامەتیەكانیان بەسەر گەلەكەمانەوە چەندین كتێبی دەوێت.

كاتێك كە لە ئەنجومەنی حوكم بوون لە بەغداد لەبە ر مەشروب خواردن و ڕابواردن لە بەغداد ئاگایان لە خۆیان و وەزعی میللەت نەمابووكە چەندین قەراری خراپ درا دژ بەكورد و لەلایەكی تریشەوە لە كوردستان و هەندەران سەرقاڵن بەكۆمپانیا و پرۆژەی بازرگانی دەستیان خستۆتە بینەقاقای میللەت و كۆنترۆڵی بازاڕیان كردوەو تەواو گرانین دروست كردوە.

لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتیانەی جەماوەرو بێ گوێدانە ژیانی خەڵك لە بۆنەی جۆراوجۆردا هەر خەریكی پارە سەرفكردنن بۆ تێركردنی ئارەزوەكانیان بەلام خۆیان نادەن لە پێویستیەكانی خەڵك، ڕووداوەكانی سالانی ڕابردووش باشترین شایەت حاڵن بۆ تاوان و گەندەڵیو ئەو نەهامەتیانەی كە بەسەر گەلەكەماندا هێنایان ) بەو كارانەشیان بوونەتە تیرۆریست و هاوتای دوژمنانی گەل و حزبی بەعس

پێویستە لەباتی دەنگ پێدان بەم دوو حیزبە دادگای بكرێن یەكەم جار دادگای سەرۆك وسەركردایتی و مەكتەب سیاسی و سەركردایەتی بكرێت چونكە ئەوان یەرپرسی یەكەمن لە گەندەڵی و تاوانەكان نەك وەك هەندێ كەس ماستاویان بۆ دەكەن و پەردەپۆشی تاوانەكانیان دەكەن و دەڵێن خەتای خەڵكانی خوارەوەیە ئاخر خۆ ئەمانە ئەحزابی دیكتاتور و عەشایرن كوا گوێ لە رای كەس وەردەگرن تا توانیان هەبێ لە بڕیارداندا دەوریان هەبێت، بگرە تەنها خۆیان بڕیار دەدەن كە پێویستە وەك صەدام دادگای بكرێن كە مەلەف وتاوانەكانیان ئاشكرن وبەلام بۆ یەكتر پەردە پۆشی دەكەن .

سەرچاوەوەو هۆكاری ئەو هەموو نەهامەتیانەش ئەوەیە كە لە بنەڕەتدا مەسۆولەكانی ئەم دوو حیزبە كەسانی دڵسۆزو ڕاستگۆ نین بەرامبەر بە میللەت و لێهاتوو گونجاو شارەزا نین بۆ كاروباری سیاسیو پێشخستن و خزمەتكردنی كۆمەڵگاو، دووربینیو بەرنامەو ستراتیژی سیاسیان نیەو بە درۆ خۆیان لە خەڵك كردوە بە پاڵەوان ، هەموو هەڵیان لە سیاسەتكردندا بریتیە لە فێڵ وچەواشەكردن و خیانەتكردن لەیەكترو لە میللەت ، ماستاوكردن و گوێڕایەڵی بۆ بێگانە ، تێركردنی ئارەزوەكانیان لە خۆ سەپاندن و ڕابواردن و كۆكردنەوەی پارەوپول _ ئەو برە ئاوەدانكردنەوو بوژاندنەوەی لە كوردستاندا هەیە دەستی ئەمان نیە بەڵكو ئەنجامی پرۆژەكانی نەوت بەرامبەر خۆراك و پرۆژەكانی دەزگا خزمەتگوزارەكان بووە ولە ئەنجامی رۆخانی رژێمی بەعس بووە.

جگە لەوانەش دەستیان خستۆتە ناو خوێندن و زانكۆشەوەو شێواندوویانەو هەوڵی بەرەو پێشچونیان لەبار بردووە هەروەك بەهاكانی تری جەماوەر ، زانكۆیان كردووە بە دەزگایەكی حزبیو هەموو شتێك بۆ كورە بچكۆڵەكانی حزب رەوایە بەلام نایەڵن كەسانی دڵسۆزو شارەزا لە مامۆستاو داواكارانی ماستەرو دكتۆرا بێنە مەیدانەوەو خزمەت بكەن و بخوێنن و برەو بدەن بەئاستی زانستی خۆیان و زانكۆ تەنها تاوانیشیان ئەوەیە كە حزبی نین .

ئەم دوو حزبە بەم کارەشیان گەورەترین زەرەریان داوە لە گەلەکەملن چونکە بونەتە هۆی تیرۆرکردن و فەوتاندنی سەدان کەسی بەتواناو بلیمەت لەبوارە جۆراوجۆرەکانی زانستدا ، هۆکەش ئەوەیە کە لە بنەڕتدا نایانەوێ گرنگی بدەن بە خوێندن هەتا کۆمەڵگا چاوکراوە نەبێت و پێشنەکەوێت و لەجلەویان دەرنەچێت ، چونکە کرانەوەی دەرگای زانست بە سەرچاوەی خەتەر دادەنێن بۆ سەر دەسەلاَتەکەیان کە لەسەر نەزانی‌و نەزانان دروستیان کردووە و پشتگیری لە هێزی عەشائیری وخورافات دەکەن، بەڵگەی ئەو گرنگی نەدانەش بە خوێندن ئەوەیە کە تا ئێستاش چەکدار لایان گرنگترە لە دەرچویەکی زانکۆ ئەوەش بۆئەوەی بیانکەن بە قوربانی سیاسەتەکانیان ــ بەم کارەشیان خوێندنیان بێنرخ کردووەو مامۆستایان و خوێندکارانیان توشی بێ هیوایی‌و خاوبونەوەکردووە یان ناچار بوون کۆچ بکەن بەرەو هەندەران .

جگە لەوانەش دەیانەوێ ئەوەی نوێش زەوت بکەن بە سەپاندن و زۆرکردن یۆ ئینتما کردن بە حزبەکانیان و بێ پرسکردن بە خوێنکاران چیان دەوێت دەیسەپێنن دەیانەوێ سەربەخۆیمان لێ زەوت بکەن و ملکەچمان بکەن بۆ کلتوریك و دەسەلاتێك و نەوەیەوك کە هەڵمان نەبژاردوون لە پەرلەمانداو نوێنەری ئێمەش نین و لە پێش لەدایك بونی ئێمەشدا ناکۆکیان لەنێوان خۆیاندا دروست کردو کە دەیانەوێ بیگوێزنەوە بۆ نا ئێمەش و بمانکەن بەسوتەمەنی بۆ درێژەدان بەناکۆکی‌و سیاسەتە سەقەتەکەیان و پاشان لافوگەزاف و عەرزی عەزەلات بەئێمەوە بکەن و بڕیاریش لەبری ئێمە بدەن .

تەنانەت دەستی تاوان و بەدرەوەوشتیان گەیاندۆتە ناوەندەکانی خوێندن هەروەك کورەکانی صەدام بەئارەزوی خۆیان فریودان وئیغتصابی کچانی خوێندگاکان ودامودەزگاکان دەکەن بێ هیچ شەرمێك تەنانەت ئەوەی بەرامبەریان بوەستێتەوە ئەوا بە توندترین شێوە سزای دەدەن .

هەڵبژاردن ئەگەر لە وولاَتانی ئەوروپادا بکرێت جیاوازە لەگەڵ واقیع و ژیانی ئێمەدا لەوێ ئەگەر جەماوەرو خوێنکاران ناڕازیین لە سیاسەتی سەرکردەو حیزبەکان ئەوا گوێیان لێدەگرن و زۆر جار دەست لەکار کێشانەوەش ڕادەگەیەنن چونکە ئەحزابی مەدەنین ، بە پێچەوانەی ئەمانەی لای خۆمان کە عەشائیرین و بە بێڕێزی دەڕواننە ڕای خەڵك و13ساڵە پەرلەمانێکی کارتۆنیان داناوەو داهاتی کوردستان دەدزن ، هەتا ئێستا مەسولێکمان نەبینی بە هەڵبژاردن و دیموکراسی دابنرێو یان لەسەر چەوتی‌و گەندەڵی و فایلەکانیان لابرێن یان خۆی هەستی بەرپرسیارێتی هەبێت و ئیستیقالە بکات لە کاتێکدا گەندەڵی و تاوانەکانیان ئاشکراو دیارن.

خوێنکاران قوتابیان گەنجان جەماوەر : پێویستە وەلاَمی گونجاوی ئەو پشت گوێخستن و بێڕێز سەیرکردنەیان بدەینەوە بەکردەوەو گۆرانکاری گەورە دروست بکەین و ، دەبێت خۆمان بیربکەینەوەو بڕیار بدەین لە ژیانمان . پێویستە خوێندن و زانکۆ و ژیانی گەلەکەمان لەتارمای ڕەشی ئەم دوو حیزبە دوور بخەینەوەو هەنگاوی گۆرانکاری دروست بکەین بەرەو مەدەنیەت و ڕزگاربوون و یاخیبوون لە حیزب سالاری، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو جەماوەر ووشیار بکەینەوە:

1-با بەشداری بکەین لە هەڵبژاردنەکەدا لەسەر ئاستی کوردستان ودەنگ بە لیستی هاوبەش نەدەین و درێژە بە سیانزە ساڵی تر نەدەین لە تاوانکاری و گەندەڵی .

2- بۆ هەڵبژاردنی عیراق بە هیچ شێوەیەك بە شداری نەکەین لەبەر ئەم خالاَنە :

ا - چونکە ئەوە هیچ سودێکی نیە و بەدەستی خۆمان خۆمان دەکەینە کۆیلەی بەغداد .

ب-دەڵێن کەبەشداری کردن لە هەڵبژاردنی عیراق سەنگی کورد دیاری دەکات ئەوە بیانویەکی نارەوایە چونکە ئەم پرۆسەیە ( سەرژمێری دانیشتوانی ) نیە هەتا حەجمی کورد دەرکەوێ و ژمارەی کورد لە عیراقدا ئاشکرایەو زانراوە.

ج- شەری دەستورو چارەنوس بیانویەکە بۆ گەیشتن بە دەسکەوت لە بەغداد چونکە ئاشکرایە ڕێژەی کورد ناتوانێ زیاتربێت لە عەرەب و هەروەها بریاریش لە هەموو پەرلەمانێکدا بە زۆرینەیە . کەواتە زەرەری کوردەو تەنها قازاجی سەرکردەکانە بۆ کۆکردنەوەی دەسکەوتی خوود پەرستانەیان .

د- خراپییەکی تری ئەوەیە کە لەسەدا سی داهاتی عیراق دەچێتە بەردەست ئەم دوو حیزبە کە هەموو داهاتی کوردستانیان خوارد وکەس نازانێت چیان لێکردوە

ــ داوا لە میدیا ئازادەکان دەکەین کە دەنگمان بگەیەنن .

.ــ داوا لە دووحیزبەکە دەکەین کە ــ داهات و سامان و مافی ئەم گەلەتان هەموو بردو زەوتتان کرد دەتانەوی داهاتوو و نەوەکانیشی بکەنە کۆیلەو زەوتمان بکەن ــ وازمان لێ بێنن با ژیانی خۆمان بکەین ناکۆکیەکانتان مەگوێزنەوە بۆ ناو ژیانی ئێمە.

ــ داوا لە لیستەکانیتر دەکەین :ئێوەش مەبنە پاشکۆی ئەوان بەڵکو بەراستی ئەحزابی معارەزە بن و، ئیعلانی وازهێنان لەم جۆرە یەکلیستی و هەڵبژاردنی عیراق بکەن و گرنگی بەداواکانمان بدەن .

-داوا لە دەزگا نێودەوڵتیەکان (سوپای ئەمەریکا سوپای کوریای باشور ) دەکەین کە پێویستە ئەم دوو حیزبە لێپرسینەوەو دادگایان بۆ بکەن بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی کە کردویانە بەرامبەر گەلەکەمان چونکە ئێوە بە مەرجی عەدالەتبوون جێگاتان دەبێتەوە لە کوردستان و عیراقدا و

ئێمە ناتوانین لای خۆمان دادگاییان بکەین بۆیە داواتان لێدەکەین لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن وەك تاوانباری دژ بە مرۆڤایەتی تا رزگاربین لەشەڕو گەندەڵی سجن و تەعزیب و گرتن وپشتگوێخستن وتالآنکردن کە تاوانەکانیان هیچی کەمتر نیە لەتاوانەکانی صەدام بگرە وێنەی نیە لە جیهاندا . وەرن سەیری باری ئابووری ومیلاکات وخوێندن وفەرمان ڕەوای بکەن بزانن چۆن هەمیان ئیغتصاب وئیستغلال کردوە؟!

هۆی ئەوەش کەماونەتەوە ئەوەیە کە بەردەوام فێڵ لە خەڵك دەکەن و نەزانی خەڵك ئیستغلال دەکەن دەستیان بەسەر داهاتی کوردستان گرتوە وخەڵکەکەش ناچاربوون کە لەگەڵیان بن چونکە ئەگەر وانەبن نانبراویان دەکەن ، وهەرکەسێك لە حیزبدا لەگەڵیان نەبێت ئەوا هێچ ئیمتیازاتیکی پێنادەن و پەراوێزی دەخەن .

ئەوەش بزانن بەردەوام وەفدە ئەجنەبیەکان و ڕای گشتی جیهان هەڵدەخەڵتێنن _ چ بە ئافرەت یان بە پارە ودەعواتکردن _ و کاتێك کە وەفدەکان سەردانی کوردستان دەکەن سەرانی ئەم دوو حیزبە دەیانبەن بۆ هەندێك شوێنی خزمەتگوزاری وایان تێدەگەیەنن کە کوردسان هیچ کێشەیەکی نیە کە دەبێت هەموو وەفدەکان ئاگایان لەو چاوبەستکردنە بێت و ئیستغلال نەکرێن، هەروەها ئاگاتان لە فرتوو فێڵەکانیان بێت لە کاتی هەڵبژاردندا.

-داوا لە حکومەتی داهاتوی <u>کوردستان دەکەین</u> کە لێپرسینەوەی ئەمانە لە یاد نەکات .

<u>تێبینی</u> : خوێنەری بەڕێز_بەم ناونیشانەی خوارەوە پشتگیریو پێشنیارو ڕاکانتان بۆمان بنێرن هەروەها هاوکاریمان بکەن بە پەخشکردنی ئەم پەیامە بە هەموو ناوەندەکان وکەسەکان _ بە ئیمەیل یان بە باسکردن _تا هەموان ئەمانە بناسن وکاری دادگایکردنیان پێکبهێنرێت و، لەم نزیکانەدا سایتێکی تایبەت بە ناساندن وهەوڵدان بۆ دادگایکردنیان دادەمەزرێنین و ئێمە لای خۆمانەوە ئەم پەیامە تەرجەمە دەکەین بە عەرەبی وئینگلیزی و پەخشی دەکەین بۆ زیاتر پەردە هەڵماڵین لەسەریان .

ئەگەر بە فێڵ وفرو بەزۆر خۆیان دەربچێننەوە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوا ئێمە بە هاوکاری دڵسۆزان هەر بەردەوام دەبین لەسەر رەوتی ناساندنیان و گەیاندنیان بە دادگا _ جا ئایا دادگای ئەوروپا یان نەتەوەیەکگرتوەکان بێت _ بۆ ئەوەش پێویستمان بە بە ڵگەنامە هەیە تکایە بۆمان رەوانە بکەن سوپاستان دەکەین ، بەهیوای ژیانێکی ئاسوودە و رزگاربوون لەم دوو زۆرداره .

dadgaikrdn@yahoo.com